
# راپۆرتی لیستی سەرەکی عێراق ١٢٥

کانوونی دووەم – ئادار ٢٠٢٢

IOM DISPLACEMENT TRACKING MATRIX

## دیارخراوەکان




شێوەی ١: ژمارەی ئاوارەکان و گەڕاوەکان بە تێپەڕبوونی کات

کۆکردنەوەی داتا بۆ ڕاپۆرتی سەرەکی گەڕی ١٢٥ لەماوەی نێوان مانگەکانی کانوونی دووەم و ئادار ی ٢٠٢٢ ئەنجامدرا. تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM) دەستنیشانی ٤,٩٠٩,٧١٤ گەڕاوەی کرد (لە ٨٢٦,٦١٩ خێزان دا)، کە بەسەر ٨ پارێزگا، ٣٨ قەزا و ٢,١٧٩ شوێن دابەشببوون لە عێراق دا. بەکۆی گشتی، ٧,٤٨٢ گەڕاوەی نوێ تۆمارکران لەماوەی نێوان مانگەکانی کانوونی دووەم و ئاداری ٢٠٢٢دا. ئەمەش بە شێوەیەکی بەرچاو ژمارەیەکی کەمترە لە ژمارە ئەو گەڕاوانەی کە لە ماوەی نێوان تشرینی یەکەم تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ دا تۆمارکرابوو ١٣,١٥٨. بەگشتی، ئەمەش نزمترین ژمارەی گەڕانەوەیە کە تۆمارکرابێت لەوەتەی گەڕانەوەکان دەستیان پێکردووە لە نیسانی ٢٠١٥ دا. لەو ماوەیەدا، بەرزترین ژمارەی گەڕاوانی تازە کە تۆمارکرابێت لە پارێزگای سەڵاحەدین بووە بە (٣,١٧٤)، ئینجا نەینەوا بە (٢,٠٦٤)، پاشان ئەنبار بە (٦٦٠) دواتر بە غدا بە (٦١٢).

هەروەها لە نێوان کانوونی دووەم و ئاداری ٢٠٢٢ دا، (DTM)کۆی گشتی ١,١٨٤,٨١٨ ئاوارەی دیاریکرد (٢٠٣,٤٤٧ خێزان)، کە بەسەر ١٨ پارێزگا و ١٠٥ قەزا و ٢,٨٠٣ شوێن دا دابەشبوون. ئەمەش کەمبوونەوەی ١,٧٣٨ ئاوارە نیشاندەدات لە تشرینی یەکەم -کانوونی یەکەمی ٢٠٢١، ئەمەش کەمبوونەوەیەکی کەمترە لەو کەمبوونەوەی کە لە ئاب و ئەیلولی ٢٠٢١ دا تۆمارکرا بە (٣,٠٢٥) ئاوارە کەمبوونەوە سەبارەت بە ناوچەی زێدی ئاوارەکانیش، هاوتای گەڕی پێشوو، لە سەدا ٥٦ی حاڵەتەکانی ئێستای ئاوارەبوون لە پارێزگای نەینەواوە هاتووە (٦٦٣,١٣٨) بەتایبەتی لە ناوەندی قەزای موسڵ (٢٤٦,٢٢٩) و قەزای شەنگال (١٩٣,٣٥٤) و قەزای بەعاج (٩٣,٧٥١). دووەم بەرزترین ژمارەکانی ئاوارەکان لە پارێزگاکانی سەلاحەدین بە (١٣٧,٧٢٦; ١٢٪ ی کۆی گشتی حاڵەتەکان), ئەنبار (١٣٣,٣٢١; ١١٪)، کەرکوک (٧٥,٨٧٣; ٦٪)، و دیالە (٧٣,٩٤٦; ٦٪).

### ئاوارەکان

- ١,١٨٤,٨١٨ کەس
- ٢٠٣,٤٤٧ خێزان
- ١٨ پارێزگا
- ١٠٥ قەزا
- ٢,٨٠٣ شوێن

### گەڕاوەکان

- ٤,٩٠٩,٧١٤ کەس
- ٨٢٦,٦١٩ خێزان
- ٨ پارێزگا
- ٣٨ قەزا
- ٢,١٧٩ شوێن

# خستنەڕوویەکی گشتی ئاوارەبوون

ئەم گراف و هێلکاریانەی خوارەوە ئەمانە نیشاندەدەن: ١. ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە هەموو ئەو پارێزگایانەی کە لێیەوە ئاوارەبوون، ٢. ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە هەر قەزایەک، ٣. ڕێژەی ئاوارە ناوخۆییەکانی هەر پارێزگایەکی زێد بۆ هەریەکێک لە پارێزگاکانی ئاوارەبوون:

## نەینەوا

٢٥٢,٤٥١ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| موسڵ | ٩٩,٨٩٠ |
| شێخان | ٤٢,٧٥٧ |
| حەمدانیە | ٣٦,٥٠٤ |

◄ پارێزگاکانی زێد

- ٪٩٨ نەینەوا
- ٪٢ ئەوانی تر

ئەوانی تر پارێزگاکانی هەولێر، سەلاحەددین، کەرکووک، بەغدا، ئەنبار، دیالە و بابل دەگرێتەوە

## دهۆک

٢٤٨,٩٤٩ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| سومێل | ١٣٧,٤١٣ |
| زاخۆ | ٨٠,٠٥١ |
| دهۆک | ٢٦,٥٢٠ |

◄ پارێزگاکانی زێد

- ٪٩٩ نەینەوا

ئەوانی تر: پارێزگاکانی سەلاحەددین، ئەنبار و کەرکووک و بەغداد دەگرێتەوە

## هەولێر

٢٣٢,٨٦٠ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| هەولێر | ٢١٦,٢٤٠ |
| مەخمور | ٦,٩٣٠ |
| شەقڵاوە | ٤,٩٩٢ |

◄ پارێزگاکانی زێد

- ٪٤٨ نەینەوا
- ٪٢٩ ئەنبار
- ٪١٠ سەلاحەددین
- ٪١٣ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد، هەولێر، کەرکووک، دیالە و بابل دەگرێتەوە

## سلێمانی

١٤١,٥٢٢ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| سلێمانی | ٩٤,٠٠٩ |
| کەلار | ١٩,١٠٩ |
| چەمچەماڵ | ٨,٥٦٢ |

◄ پارێزگاکانی زێد

- ٪٢٤ سەلاحەددین
- ٪٢٢ بەغداد
- ٪ ١٨ دیالە
- ٪١٦ ئەنبار
- ٪٢٠ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی نەینەوا، بابل و کەرکووک دەگرێتەوە

## کەرکوک

٩١,٤١٠ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| کەرکوک | ٨٢,٧٤٠ |
| داقوق | ٦,٥٠٤ |
| دوبس | ١,٤٤٠ |

◄ پارێزگاکانی زێد

- ٪٥٨ کەرکووک
- ٪٢٢ سەلاحەددین
- ٪١٠ نەینەوا
- ٪١٠ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، ئەنبار، بەغداد، بابل و هەولێر دەگرێتەوە

## سەڵاحەدین

٥٦,٢١٤ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| توزخورماتوو | ١٩,٦٣٢ |
| سامەڕا | ١٥,٣١٨ |
| تکریت | ١٤,٢٩٨ |

◄ پارێزگاکانی زێد

- ٪٩٢ سەلاحەددین
- ٪٧ کەرکوک
- ٪١ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، نەینەوا وئەنبار دەگرێتەوە

## دیالە

٤٤,٩٤٦ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| بەعقوبە | ١٩,٩٥٠ |
| خانەقین | ١٣,٣٧٤ |
| کفری | ٦,٥٤١ |

◄ پارێزگاکانی زێد

- ٪٨٨ دیالە
- ٪٦ سەلاحەددین
- ٪٦ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی ئەنبار، بابل، بەغداد، نەینەواو کەرکووک دەگرێتەوە

## ئەنبار

٣٥,٥١٤ ئاوارە

◄ سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| فەللوجە | ١٩,٤٥٨ |
| ڕەمادی | ٦,٧٦٨ |
| ڕوتبە | ٢,٧٩٠ |

◄ پارێزگاکانی زێد

- ٪٧٣ ئەنبار
- ٪٢٦ بابل
- ٪١ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی سەلاحەددین، بەغداد، نەینەواو، دیالە و کەرکووک دەگرێتەوە


## بەغداد

٢٦,٥٢٠ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون




پارێزگاکانی زێد





ئەوانی تر: پارێزگاکانی سەلاحەددین، دیالە، بەغداد و کەرکووک دەگرێتەوە

## بابل

١٦,٣٢٠ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون




پارێزگاکانی زێد




ئەوانی تر: ئەنبار، بەغداد،دیالە، سەلاحەددین و کەرکووک دەگرێتەوە

## کەربلا

١٠,٨٤٢ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون




پارێزگاکانی زێد





ئەوانی تر: پارێزگاکانی ئەنبار، کەرکووک و دیالە دەگرێتەوە

## نەجەف

٨,٣٣٤ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون




پارێزگاکانی زێد





ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، سەلاحەددین و ئەنبار دەگرێتەوە

## بەسرا

٥,٤١٦ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون




پارێزگاکانی زێد





ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، بەغداد و بابل دەگرێتەوە

## واست

٤,٣٤٤ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون




پارێزگاکانی زێد





ئەوانی تر: پارێزگاکانی دیالە، سەلاحەددین و ئەنبار دەگرێتەوە

## قادسیە

٣,٢٤٠ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون




پارێزگاکانی زێد





ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد و سەلاحەددین دەگرێتەوە

## زیقاڕ

٣,١٤٤ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون




پارێزگاکانی زێد





ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد، سەلاحەددین، دیالە و بابل دەگرێتەوە

## میسان

١,٨٧٢ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون




پارێزگاکانی زێد





ئەوانی تر: پارێزگاکانی ئەنبار، دیالە و بابل دەگرێتەوە

## موسەننا

٨٧٠ ئاوارە

سێ قەزای سەرەکی ئاوارەبوون




پارێزگاکانی زێد




ئەوانی تر: سەلاحەددین و کەرکووک و دیالە دەگرێتەوە

# تازەترین ڕەوشی ئاوارە ناوخۆییەکان

کۆی گشتی شێوە و فیگەرەکانی ئاوارەکان لە ماوەی مانگی کانوونی دووەم تا ئاداری ٢٠٢٢، تۆماری بەدواداچوون ١,١٨٤,٨١٨ ئاوارەی دەستنیشانکرد (٢٠٣,٤٤٧ خێزان) کە بەسەر ١٨ پارێزگا و ١٠٥ قەزا و ٢,٨٠٣ شوێن دابەشببوون لە عێراق. ئەمەش دابەزینی ١,٧٣٨ ئاوارە نیشاندەدا لەو ژمارەیەی لە ماوەی تشرینی یەکەم و کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ دا تۆمارکراوە. زۆرترین کەمبوونەوەش لە پارێزگاکانی نەینەوا (-١,٠٥٢)، سەڵاحەدین (-٦٦٠) و نەجەف (-٥٣٤) تۆمارکراوە. ئەگەرنا زۆرترین زیادبوون لە ژمارەی ئاوارەکان لەپارێزگاکانی سلێمانی (٣٨٤) دواتر کەرکوک (٣٣٠) و هەولێر (٣٢٥) تۆمارکراوەوە.

**جوڵە و جموجۆڵەکانی ئەم دواییەی ئاوارەکان:** سەرەڕای کەمبوونەوەی تەواوی حاڵەتەکانی ئاوارەکان لە سەرتاسەری وڵات، کۆی گشتی ٨,٨٢٩ ئاوارە گەیشتوونەتە شوێنە هەڵسەنگێندراوەکان لە مانگی کانوونی دووەم - ئاداری ٢٠٢٢ دا. لەنێو ئەم ئاوارانەشدا، بە کۆی گشتی ٥٧٠ کەس بۆ یەکەمین جار ئاوارەبوون و ٧,٩١٥ کەس لەشوێنەکانی دیکەی ئاوارەبوونەوە گەیشتبوون و ٣٤٤ کەس کە دووبارە ئاوارە بوون.

تا ئێستا زۆرترین ژمارەی ئاوارەی تازە گەیشتوونەتە پارێزگای سلێمانی (٢,٦٨٨). زۆربەی ئەم ئاوارانەش کە (٢,٠٨٢) کەسن لە شوێنێکی دیکەی ئاوارەبوونەوە هاتوون و ٥٤٦ کەس بۆ یەکەم جار ئاوارە بوون و ٦٠ کەس لەو شوێنانەوە ئاوارە بوون کە پێشتر گەڕاونەتەوە. هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لەو ئاوارانەش گەیشتوونەتە پارێزگای هەولێر (١,٨٣٣) کە سەرجەمیان لەشوێنەکانی دیکەی ئاوارەبوونەوە هاتوون. ٩٥٠ ئاوارەی تر گەیشتوونەتە پارێزگای نەینەوا کە ٧٦٠ کەسیان لەشوێنەکانی دیکەی ئاوارەبوونەوە هاتوون و ١٩٠ کەسیش دوای گەڕانەوەیان بۆ ناوچەی زێد ی خۆیان، جارێکی تر ئاوارەبوون. سەرەڕای ئەوەش، هەموو ٩٤٢ ئاوارەی تازەی کە گەیشتنە بەغدا لە شوێنەکانی دیکەی ئاوارەبوونەوە هاتن و ئاوارە بوون.

هەروەها لەماوەی مانگی کانوونی دووەم – ئادار، کۆی گشتی ٣٤٤ هاوڵاتی شکستیان لەگەڕانەوەیان بۆ پارێزگای زێدی خۆیان هێنا و ناچاربوون دووبارە ئاوارەببنەوە. زۆربەی ئەو هاوڵاتیانەش لە پارێزگای نەینەوا (٢٦٦) بوون، لە کاتێکدا ژمارەی کەمتر لە سەلاحەدین (٤٨) و دیالەوە (٢٤) و بەغداد (٦) بوون. لەنێو ئەو ئاوارانەش دا کە شکستیان هێنا لەگەڕانەوە، باسی ئەوەیانکرد هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ کەمی خزمەتگوزاری گشتی یان کەمی دەرفەتەکانی دەستکەوتنی داهاتە لە شوێنی زێدی خۆیان، لەکاتێکدا ئەوانەی شکستیان هێنا لەگەڕانەوەیان بۆپارێزگاکانی سەلاحەدین و بەغداو دیالە باسی ترس و نیگەرانی ئەمنیان کرد.

ناوچەکانی زێدی ئاوارەکان: لەسەدا پەنجاو شەشی حاڵەتەکانی ئێستای ئاوارەکان لە پارێزگای نەینەوا (٦٦٣,١٣٨) هاتوون، بەتایبەتی لە قەزاکانی ناوەندی موسڵ (٢٤٦,٢٢٩) و شنگال (١٩٣,٣٥٤) و بەعاج (٩٣,٧٥١). دووەم و سێیەمین بەرزترین ژمارەی ئاوارەکانیش لە پارێزگاکانی سەڵاحەدینەوە (١٣٧,٧٢٦; ١٢٪) و ئەنبار (١٣٣,٣٢١; ١١٪)بوون. بەرزرتین قەزاکانیش لەمبارەیەوە لە پارێزگای سەڵاحەدین بریتین لە توز خورماتوو (٣٥,٧٦٣) و بێجی (٢٨,٦٢٣) و بەلەد (٢٧,٥٨٣)، لە کاتێکدا لە پارێزگای ئەنبار زیاتر لە قەزاکانی ڕوومادی (٦٢,٩٠٢)، فەللوجە (٤٥,٣٢٦)، قائیم (١٠,١٠٣) و ڕوتبە بە (٦,٢٣٧).

**جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون:** لە سەرتاسەری وڵاتەکەدا، لەسەدا ٧٦ی ئاوارەکان لە شوێنە تایبەتییەکانی نیشتەجێبوون دا دەژین (٩٠١,٤٤٠)، لە سەدا ١٥یان لە کامپەکان (١٧٩,٣٢٠) و لە سەدا ٩یان (١٠٣,٢٩٦) لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دا دەژین. لە ماوەی مانگی کانوونی دووەم و ئاداردا، کەمبوونەوەیەکی بەرچاو لە ژمارەی ئاوارەکانی نیشتەجێی شوێنە حەوانە تایبەتییەکان دا تۆمارکرا بە (-١,٠٠٨) و کەمبوونەوەی (-٩٣٠) ئاوارەی شوێنە حەوانەوە زۆر خراپەکان. سەربارى ئەوەش، لەم گەڕەدا ڕێژەی کەمبوونەوەی ٢٠٠ ئاوارەی دانیشتووی کەمپەکان تۆمارکراوە و ٧٨٠ ئاوارە دیکە گەیشتنە پارێزگای دهۆک کە لە پارێزگاکانی نەینەوا و هەولێر و سلێمانی و دیالەوە هاتبوون، بەم هۆیەشەوە ژمارەی ئاوارەکان لەم پارێزگایانەدا بە (-٣٨٠)، (-١٢٥) و (-٦٠) و دیالە (-١٥) وەک ڕێزکراون کەمیانکرد.

ئەم دابەزینی گشتییە لە ژمارەی ئەو ئاوارانەی کە لە کەمپەکاندا دەژین (-٢٠٠) بە شێوەیەکی بەرچاو کەمترە لەو کەمبوونەوەیەی کە لە گەڕی پێشوودا تۆمار کراوە لە نێوان تشرینی یەکەم -کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ (-٣,٢٩٥). سەرەڕای ئەوەش، بە بەراورد لەگەڵ یەک ساڵ لەمەوپێش (کانوونی دووەم و شوباتی ٢٠٢١) ژمارەکە زۆر نزمە، کاتێک ١٧,٧٩٥ ئاوارەی کەمتر لە سەر ئاستی وڵاتدا تۆمارکراون. کەمبوونەوەی ژمارەی ئاوارەکان دانیتشووی کەمپەکان دەگەڕێتەوە بۆ داخستنی چەند کامپێک لە نێوان تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ و کانوونی دووەمی ٢٠٢١ کە پاڵی بە زۆرێک لە ئاوارەکانەوە ناوە بۆ گەڕانەوە یان ئاوارەبوون لە شوێنە جیاوازەکاندا.[1]

هەروەها لە مانگی کانوونی دووەم - ئاداری ٢٠٢٢ دا، کۆی گشتی ١٠٣,٢٩٦ ئاوارە تۆمارکراون وەک لە شوێنە حەوانەوە زۆر خراپەکان دا دەژین دەکاتە لە سەدا ٩ی حاڵەتەکانی ئاوارەبوون لەتەواوی وڵاتدا. لە گەڕی پێشووەوە (تشرینی یەکەم-کانوونی یەکەمی ٢٠٢١)، ئەمە کەمبوونەوەی ٩٣٠ ئاوارەیە کە لەو شوێنە حەوانەوە زۆر خراپانە دا دەژین. لە ئاستی پارێزگاشدا، ئەنبار میواندارى زۆرترین ژمارەی ئەو ئاوارانە لەخۆدەگرێت بە (٢٢,٨٧٨) کە ئەمەش کەمبوونەوەیەکی بەرچاوە بە (-١,١٨٨) لە وەتەی گەڕی پێشووەوە لە تشرینی یەکەم -کانونی یەکەمی ٢٠٢١دا. هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو ی ئاوارەکانیش لە شوێنە حەوانەوە زۆر خراپەکانی پارێزگای دهۆک نیشتەجێن بە ٢٠,٨٠٢ (٣٣٦ کەمتر لە کۆتا گەڕ). هەروەها ١٧,٩٤٠ یان لە نەینەوا (٦٠ کەمتر لە کۆتا گەڕ)، و سەڵاحەدین بە ١٦,٥٠٦ (٢٢٢ کەمتر لە کۆتا گەڕ). ئەو قەزایانەشی زۆرترین ژمارەی ئەو ئاوارانە لە خۆدەگرن کە لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دا دەژین، بریتین لە فەللوجە (١٧,٥٦٢) لە ئەنبار – کە سەرەڕای کەمبوونەوەی (-١,١٨٨) ئاوارە لە قەزاکەدا لەچاو ئەوەی کە لە گەڕی پێشووەوە تۆمارکراوە. هەروەها ژمارەیەکی زۆری ئەو ئاوارانەی کە لە شوێنی حەوانەی زۆر خراپ دان لەقەزای سومێلن بە (١٦,٩٧٤) لەپارێزگای دهۆک، لە قەزای ناوەندی کەرکوک (٨,٣٩٤) لەپارێزگای کەرکوک و قەزای ناوەندی موسڵ (٧,٢٦٠) لە پارێزگای نەینەوادا.

سەرەڕای ئەوەش، ٨٥ شوێن لە سەرانسەری ٣٩ قەزادا هەن کە تیایاندا هەموو ئاوارەکان لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دا دەژین. زۆرترین ژمارەی ئەم شوێنانەش لە قەزای فەللوجەیە بە (١٩) لە ئەنبار کەتیایدا ١٥,٢٧٠ ئاوارە نیشتەجێن. سەرەڕای ئەوەش، هەموو ٢,١٦٠ ئاوارە کە لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دا دەژین لە یەک شوێنن لە قەزای سومێل لە پارێزگای دهۆک. هەروەها سەرجەمی ئەو ئاوارانەی کە لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دا دەژین لە ڕومادی (٤,٥٥٤) کەسن لە پارێزگای ئەنبار و لە دوو شوێنن لە قەزای مەحموودیە (١,٢٣٠) لە پارێزگای بەغدا.

شێوەی ٢: جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی ئاوارەکان




١ ڕێژەی بەرزی گەڕانەوەی لە مانگی تشرینی دووەم-کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ تا ڕاددەیەکی دەدرێتە پاڵپ داخستن و یەکخستنی کامپەکان کە بەزۆری و بەشێوەیەکی سەرەکی لە نێوان تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ و کانوونی دووەمی ٢٠٢١ دا ڕووی داوە و بوونەوە هۆی زیادبوونەوە بەدوای یەکداهاتووەکانی گەڕانەوەکان لەو ماوەیەدا. لە نێوان ئەیلولی ٢٠٢٠ و شوباتی ٢٠٢١، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون ڕاهێنانێکی بەدواداچوونی دەستبەجێی ئەنجامدا کە جوڵەو جموجۆڵەکانی ئاوارەکانی لەکامپەکانەوە بۆ شوێنەکانی تر دەستنیشانکرد دوای داخستن یان دووبارە پۆلێن کردنی کامپەکان. کارەکانیش لەم لینکە بەردەستن: http://iraqdtm.iom.int/IdpMovements#Camp

# خستنەڕوویێکی گشتی گەڕانەوەکان

ئەم گراف و هێلکاریانەی خوارەوە ئەمانە نیشاندەدەن: ١. ژمارەی گەڕاوەکان لە هەموو ئەو پارێزگاکان، ٢. ژمارەی گەڕاوەکان لە هەر قەزایەک، ٣. ڕێژەی گەڕاوەکانی هەر پارێزگایەک لە پارێزگاکانی ئاوارەبوون.

## نەینەوا

١,٩٢٩,١٣٦ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە

- موسڵ ١,٠٦٨,٧٥٠
- تەلعەفەر ٣٦١,٩٥٠
- حەمدانیە ١٧٠,١٩٦

◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون

- ٪٦٨ نەینەوا
- ٪٩ هەولێر
- ٪١٠ دهۆک
- ٪١٣ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی نەجەف، کەربەلا، بەغداد، بابل، کەرکووک، واست، سلێمانی، سەلاحەددین، بەسرە، میسان، قادسیە، زیقار، موسەننا، دیالە و ئەنبار دەگرێتەوە

## ئەنبار

١,٥٤٣,١٥٢ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە

- ڕەمادی ٦٠١,٧٣٤
- فەللوجە ٥٧٠,٨٣٤
- هیت ١٧٩,٩١٦

◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون

- ٪٤٣ ئەنبار
- ٪٢١ بەغداد
- ٪١٦ هەولێر
- ٪٢٠ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی کەرکووک، سلێمانی، بابل، سەلاحەددین، دهۆک، کەربەلا، نەینەوا و دیالە دەگرێتەوە

## سەڵاحەددین

٧٤٠,٨٨٠ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە

- تکریت ١٨٩,٧٦٢
- شرگات ١٦٣,٠٣٨
- بێجی ١٢٦,٨٥٢

◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون

- ٪٤١ سەلاحەددین
- ٪٢٥ کەرکووک
- ٪١٥ هەولێر
- ٪١٤ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی نەینەوا، سلێمانی، بەغداد، دهۆک،بەسرە، کەربەلا، نەجەف، دیالە، میسان، بابل، زیقار و واست دەگرێتەوە

## کەرکووک

٣٥٢,٠٠٢ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە

- حەویجە ١٧١,٤٠٨
- کەرکوک ١٥٥,٧٩٠
- داقوق ١٧,٥٦٨

◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون

- ٪٤٥ کەرکووک
- ٪٣٩ سلێمانی
- ٪٩ سەلاحەددین
- ٪٧ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی هەولێر، نەینەوا، بەغداد و بابل دەگرێتەوە

## دیالە

٢٣٩,٣٨٢ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە

- خانەقین ١٠٣,٦٠٢
- خالس ٧٤,٦٩٤
- موقدادیە ٥٩,٥٨٦

◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون

- ٪٨٠ دیالە
- ٪٩ سلێمانی
- ٪١١ کەرکووک
- ٪١ ئەوانی تر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی بەغداد، هەولێر و کەربەلا دەگرێتەوە

## بەغداد

٩٢,٩٠٤ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە

- مەحمودیە ٥٠,٤٠٦
- ئەبوغرێب ٢٣,٥٨٦
- تارمیە ١١,١٤٨

◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون

- ٪٩٠ بەغداد
- ٪٤ بابل
- ٪١ ئەوانی تر
- ٪٥ هەولێر

ئەوانی تر: پارێزگاکانی سلێمانی، کەربەلا و میسان دەگرێتەوە

## هەولێر

٦١,٠٠٢ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە

- مەخمور ٦١,٠٠٢

◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون

- ٪٧٤ هەولێر
- ٪١٦ نەینەوا
- ٪٩ کەرکووک
- ٪١ سەلاحەددین

## دهۆک

٧٥٦ گەڕاوە

◄ سێ قەزای سەرەکی گەڕانەوە

- زاخۆ ٧٥٦

◄ پارێزگاکانی کۆتا ئاوارەبوون

- ٪١٠٠ دهۆک

# تازەترین ڕەوشی گەڕاوەکان

کۆی گشتی فیگەر و شێوەکانی گەڕانەوە: لە نێوان کانوونی دووەم و ئادار‌ی ٢٠٢٢ دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون کۆی گشتی ٤,٩٥٩,٧١٤ گەڕاوەی دیاری کرد (٨٢٦,٦١٩ خێزان) کە بەسەر ٨ پارێزگا و ٣٨ قەزا و ٢,١٧٩ شوێن لە سەرتاسەری وڵات دا دابەشبوون. لەم گەڕەدا کۆی گشتی ٧,٤٨٢ کەسی تازەی گەڕاوە تۆمارکراون کە ئەمەش بە شێوەیەکی بەرچاو کەمترە لە ژمارەی ئەو گەڕاوە تازانەی کە لە گەڕی پێشوودا تۆمارکراون لە نێوان تشرینی یەکەم - کانونی یەکەمی ٢٠٢١ دا (١٣,١٥٨). بە شێوەیەکی گشتی، ئەمە کەمترین ژمارەی گەڕانەوەیە کە تۆمار کراوە لەوەتەی لە مانگی نیسانی ٢٠١٥ەوە گەڕانەوەکان دەستیان پێکردووە. دەکرێت ئەم ڕێژەی نزمەی گەڕانەوەش بدرێتە پاڵ ئەو بەربەستەی کە ئەوانەی لە ئاوارەیی مانەتەوە ڕووبەڕووی دەبنەوە لە گەڕانەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، ئەمەش بە شێوەیەکی بەرچاو لە سەرانسەری وڵاتەکەدا دەگۆڕێت و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازە.[2]

ئەو پارێزگایانەی زۆرترین ژمارەی کۆی گشتی گەڕاوەیان هەیە بریتین لە نەینەوا (١,٩٢٩,٦٣٦)کە ٢,٠٦٤ گەڕاوە نوێکانن و لەوەتەی کۆتا گەڕن)، ئەنبار بە (١,٥٤٣,١٥٢ ) لەگەڵ ٦٦٠ گەڕاوە نوێ لە دواین گەڕاوە )، و سەڵاحەدین بە (٧٤٠,٨٨٠ بە ٣,١٧٤ گەڕاوەی نوێ لە دواین گەڕەوە). سەرەڕای ئەوەش، لە نێوان مانگی کانوونی دووەم و ئاداری ٢٠٢٢دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون کۆی ٦٦٦ ئاوارەی تۆمار کرد کە لە کامپەکانەوە هاتوون، کە ئەمەش بە شێوەیەکی بەرچاو کەمترە لەو ژمارەیەی کە لە ماوەی تشرینی یەکەم-کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ تۆمار کراوە (٢،٠٨٢). زۆربەی ئەم گەڕاوە تازانەش گەیشتنە قەزای مەخموری پارێزگای هەولێر (١٩٢) و هەروەها قەزاکانی پارێزگای نەینەوا کە قەزای ناوەندی موسڵ (١٦٢) و شەنگال (١٥٠) و هەترە (٤٨).

هەروەها، لەم خولەدا، گەڕانەوەکان لە چوار شوێن تۆمارکران کە پێشتر هیچ گەڕانەوەیەکیان بەخۆیانەوە نەبینیبوو. ئەم گەڕاوانەش لەنێوان مانگی کانوونی دووەم و ئاداری ٢٠٢٢ بۆ یەک شوێن لەقەزای تووز خورماتووی سەر بەپارێزگای سەلاحەدین و بۆ سێ قەزای دیکەی هەمان پارێزگا بوون کە بێجی و بەلەد بوون لە خولی پێشوودا (تشرینی یەکەم – کانونی یەکەمی ٢٠٢١). جگەلەوەش، بەکۆی گشتی، حەوت شوێنی بێ گەڕانەوە- ئەو ناوچانەی کە خێزانەکان لەکاتی شەڕی داعش لێی هەڵهاتوون، بەڵام تا ئێستا هیچ گەڕانەوە و گەڕاوەیەکیان بەخۆیانەوە نەبینیبوو، بۆ یەکەم جار لەم خولەدا گەڕانەوەیان تێدا تۆمارکرا کە لە قەزای دەبس لە پارێزگای کەرکوک بوو.


لەسەر ئاستی قەزاش: وەک خولەکانی پێشوو، قەزای ناوەندی موسڵ لەپارێزگای نەینەوا بەخاوەن بەرزترین ژمارەی گەڕاوەکان دەمێنێتەوە کە ١,٠٦٨,٧٥٠ کەسن (٢٢٪ ی کۆی کەیسەکان) کە ٤٩٨ کەسیان وەک گەڕاوەی تازە لەم خولەدا تۆمارکران. قەزای ڕومادی لەپارێزگای ئەنبار خاوەنی دووەم بەرزترین ژمارەی گەڕاوەیە بە (٦٠١,٧٣٤؛ ١٢٪) کە ١٥٠ کەسیان وەک گەڕاوەی تازە لەم خولەدا تۆمارکران. سێیەمین بەرزترین ژمارەی گەڕاوەکانیش لەقەزای فەللوجە لەپارێزگای ئەنبار تۆمارکراوە بە(٥٧٠,٨٣٤; ١٢٪) کە تەنیا ٢٤ کەسیان وەک گەڕاوەی تازە لەم خولەدا تۆمارکران. ئەگینا ژمارەیەکی بەرچاو لە گەڕاوەکان گەڕاونەتەوە بۆ قەزای تەلەعفەری پارێزگای نەینەوا (٣٦١,٩٥٠؛ ٧٪) کە ٤٤٤ کەسیان گەڕاوەی ئەم خولەن. سەرەڕای ئەوەش، لەم ماوەیەدا زۆرترین ژمارەی گەڕاوە نوێیەکان لە قەزای بێجی بوو بە (١٩٩٢) گەڕاوە لە پارێزگای سەلاحەدین، کە کۆی گشتیان بوونە ١٢٦,٨٥٢ کەس. هەروەها ژمارەیەکی زۆری گەڕاوە تازەکان لە قەزای قائیم (٥٦٤) تۆمارکراون لە پارێزگای ئەنبارو کە کۆی گشتیان بوونە ١٠٤,٨٣٢ کەس، هەروەها لەقەزای تووزخورماتوویش (٥١٦) کەس گەڕانەوە کە کۆی گشتیان بوونە ٥٨,٣٣٢ کەس.

جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون: لە مانگی کانوونی دووەمی-ئاداری ٢٠٢٢ زۆربەی گەڕاوە تازە گەیشتوەکان (٦,٧٩٢) وەک گەڕاوەی تازە دەستنیشانکران کە بۆ ناوچەکانی زێدیان گەڕانەوە، بەمەش ژمارەی گشتی ئەو گەڕاوانەی کە لەم جۆرە شوێنی حەوانەوانەدا دەژین بووە ٤,٧٥١,٣٧٠ (٩٦٪ ی هەموو گەڕاوەکان). سەرەڕای ئەوەش، ٥٨٨ گەڕاوە گەیشتوونەتە ئەو شوێنە حەوانەوانەی کە زۆر خراپن، کۆی گشتی ژمارەی دانیشتووانی ئەو شوێنە حەوانەوە زۆر خراپانەی کردە ١٩٤،٠٨٢ (لە ٤٪ی هەموو گەڕاوەکان). بە بەراورد لەگەڵ خولی پێشوو، ١٠٢ گەڕاوەی دیکە کە لە شوێنی حەوانەوەی تایبەت دا دەژین لەم خولەدا تۆمارکراون، کە ئەمەش کۆی گشتی ژمارەی گەڕاوەکانی کە لە شوێنی حەوانەوەی تایبەت دا دەژین کردە بە ١٤,٢٦٢ (کەمتر لە ١٪ لە هەموو گەڕاوەکان) لە سەرتاسەری وڵاتدا.

زۆرترین ژمارەی ئەو کەسە گەڕاوانەی کە لە شوێنە حەوانەوە زۆر خراپەکان دا دەژین لە پارێزگای سەڵاحەدینە بە (٦٤,١٥٢) کەس کە دەکاتە لە سەدا ٣٣ی هەموو ئەو گەڕاوانەی کە لە سەرتاسەری وڵات تێیدا دەژین. زۆربەی ئەم گەڕاوانەش هی سێ قەزان: تکریت (٢٢,٤٥٨) و بێجی (١٦,٧٨٢) و شەرگات (٨,٦٨٨) گەڕاوە. ٥٥,٨٦٠ گەڕاوەی دیکە لە شوێنی حەوانەی زۆر خراپ دا دەژین لە پارێزگای نەینەوا (٢٩٪ ی سەرجەمی گەڕاوەکانی ئەم جۆرە شوێنی حەوانەوە)، کە زۆربەی ئەو گەڕاوانەی لە قەزای ناوەندی موسڵن (٣٢,١٠٦) و دواتر شەنگال (٧,٨٨٤) و پاشان تەلەعفەر (٦,١٢٦). هەروەها ژمارەیەکی زۆر لەو گەڕاوانەی کە لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دا دەژین لە پارێزگای ئەنبار تۆمارکراون (٤٠,٤٩٤؛ ٢١٪)، ئەم گەڕاوانەش بە شێوەیەکی سەرەکی هی هەر سێ قەزاکانی ڕومادی (١٤,٠٦٤) و فەللوجە (١٣,٦٣٢) و قائیم (٨,٣٥٨). هەروەها ٢٥,٠٦٢ کەسی ئەو گەڕاوانەی کە لە شوێنی حەوانەی زۆر خراپ دا دەژین لە پارێزگای دیالەیە، زیاتر لە نیوەیان لە قەزای خانەقینن (١٤,٠٠٤).


بە گشتی، لە مانگی کانوونی دووەم-ئاداری ٢٠٢٢دا، سەرجەمی هەشت شوێن دیاریکران کە هەموو گەڕاوەکان (کۆی گشتی ٣,٥١٠ کەس) لە شوێنی حەوانەی زۆر خراپدا نیشتەجێن. ئەمە زیادبوونی(+٢١٦) نیشاندەدات لەو ژمارەیەی لە تشرینی یەکەم -کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ (٣,٢٩٤) تۆمارکراوە. سێ لەو شوێنانەش هەریەکە لە قەزایەکانی ئەلفارس (٨٢٨) و تکریت (٧٨٠) و بەلەد (١٩٢) لەپارێزگای سەلاحەدینن، لەکاتێکدا دوو شوێنیش لە قەزاکانی ڕومادی (٨٥٨) و قائیم (٢٩٤) لەپارێزگای ئەنبارن. سەرەڕای ئەمانەش، یەک شوێنیش کە تەنیا ئەو گەڕاوانە لەخۆدەگرێت کە لە شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دان لە قەزای ناوەندی موسڵە (٢٧٦) لەپارێزگای نەینەواو ، بەهەمان شێوەش لە قەزای ناوەندی کەرکوک (١٨٠) لە پارێزگای کەرکوک و لە خانەقینیش (١٠٢) کەس لە پارێزگای دیالە.

شێوەی ٣: جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی گەڕاوەکان




٢ لە کانوونی دووەمی ٢٠٢١ دا، ڕێکخراوی (IOM) ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە: ئاوارەبوونی درێژخایەن لە عێراق دا: چاوخشاندنەوە بە جۆرە جیاوازەکانی بەربەستەکانی بەردەم گەڕانەوە. ڕاپۆرتەکە داتاکانی لە زنجیرەیەک سەرچاوەی لاوەکی وەرگرتووە بۆ خستنەڕووی چوارچێوەی کاری پۆلێکردن و تیشک خستنەسەر جۆرە جیاوازەکانی ئەو بەربەستانەی کە ئاوارەکان لە کاتی گەڕانەوە سەر ماڵ و خاڵی خۆیان ڕووبەڕووی دەبنەوە. ڕاپۆرتەکەش لەم لینکە بەردەستە:
https://iraq.iom.int/publications/protracted-displacement-iraq-revisiting-categories-return-barriers

نەخشەی ١: ئاوارەکان و گەڕاوەکان



# ڕێباز ومیتۆدی ڕاپۆرت

ئامانجی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) چاودێریکردنی ئاوارەبوون و خستنەڕووی داتای دروستە دەربارەی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان لە عێراق دا. داتا لە ڕێگەی تیمەکانی وەڵامدانەوەی خێرا و هەڵسەنگاندن (RARTs) کۆدەکرێتەوە، کە پێکهاتووە لە زیاتر لە ١٠٠ ستاف لەسەرانسەری عێراق دا بڵاوبوونەتەوە. داتا کۆکردنەوە بۆ گەڕی ١٢٥ لە ماوەی مانگەکانی کانوونی دووەمم و ئاداری ٢٠٢٢ بوو لە سەرانسەری ١٨ پارێزگادا.

داتا لە لیستی سەرەکی ئاوارە ناوخۆییەکان و لیستی سەرەکی گەڕاوەکان کۆکراوەتەوە لە ڕێگەی تۆڕێکی دامەزراوی بەرفراوان کە ٩٥٠٠ زانیارپێدەری سەرەکی لەخۆ دەگرێت، لەوانەش سەرکردەی کۆمەڵگەکان، موختارەکان، دەسەڵاتە خۆجێیەکان و هێزە ئەمنییەکان. هەروەها زانیاری دیکەش لە تۆماری داتای حکومەت و ئاژانسە هاوبەشەکان وەرگیراوە.

تیمەکانی وەڵامدانەوەی خێرا و هەڵسەنگاندن (RARTs)ی ڕێکخراوی (IOM) بە بەردەوامی داتای لە لیستی سەرەکی وەرگرتووە و ڕاپۆرتی دوو مانگ جارێکی لێ ئامادەکردووە. هەرچەندە، دەستگەیشتن بە داتا سنووردار بووە بەهۆی کێشە و گرفتە ئەمنییەکان و پرۆسەکانی دیکەی سنووردانان کە دەتوانێت کاربکاتە سەر چالاکییەکانی کۆکردنەوەی زانیاری. گۆڕانکاری لە شێوە دەرخەرەکانی ئاوارەبوون بە دیدەکرێت لە نێوان ماوە جیاجیاکانی ڕاپۆرتەکان دا. هەروەها لەوانیە گۆڕانکارییەکانی شێوەدەرخەرەکان بەهۆی کاریگەری فاکتەرەکانی دیکەوە بێت، وەکو دەستنیشانکردنی بەردەوامی گروپەکانی پێشووتری ئاوارەبووان و تێکەڵکردنی داتای ئاوارەبوونی دووەمم لە ناوخۆی عێراق دا.

هاوڵاتیانی ئاوارەبوو داتایان لە ڕێگەی پرۆسەی کۆکردنەوە، پشتڕاستکردنەوە، ڕووپێوکردن و پێوانەکردن و ڕەوایەتی بوون کۆدەکرێتەوە و دەستنیشاندەکرێن. ڕێکخراوی (IOM) بە بەردەوامی لە نزیکەوە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتە خۆجێییەکان دەکات تا بەردەوام لەیەکتێگەیشتنێکی دروست و هاوبەشییان سەبارەت بە ئاوارەبوون لە تەواوی عێراق دا هەبێت.

**حسابکردنی ژمێری بۆ دیاریکردنی ژمارەی کەسەکان بە کارهاتووە:**

ژمارەی کەسەکان لە ڕێگەی لێکدان و جارانکردنی ژمارەی هەر خێزانێک بە ٦ کەس دیاریکراوە و هەژمارکراوە، کە ئەمەش ژمارەی تێکڕای هەر خێزانێکی عێراقیە بە پێی ئاماری حکومەت، ئەم حسابکردن و ژماردنەش بۆ هەموو ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکانی دەرەوەی کامپەکان بووە. لەوەتەی ماوەی مانگەکانی تەممەوز و ئابی ٢٠٢٠وە (جەولەی ١١٧)، ژمارەی ئەو کەسانەی ناو کامپ لەڕێگەی لێکدانی لە ژمارە ٥ بۆ هەر خێزانێک حسابکراوە، کە ئەم داتایە هاوتایە بە قەبارەی خێزانی بە پێی دەستەی هەماهەنگی و کارگێڕی کامپ لەوەتەی ساڵی ٢٠١٨ وە. بۆ دروستترین و نوێترین زانیاری ئاوارەکانی دەرەوەی کامپ، تکایە بڕوانە وێبسایتی دەستەی هەماهەنگی و کارگێڕی کامپ: CCCM Cluster

لە هەموو لیستە سەرەکییەکانی گەڕەکانی پێش (١١٧) لە (تەمموز و ئابی ٢٠٢٠) دا، ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکانی ناو کامپ بە لێکدان و جارانکردنی ژمارەی هەر خێزانێک بە شەش ئەندام دیاریدەکرا، لەبەرئەوەی حسابکردنەکە جێگیرە لە نێوان گەڕەکانی ١١٧ بۆ ١٢٥، شیکارکردنی بەراوردکاری لە نێوان ئەم چوار وەجبە داتایە هیچ کاریگەری نابێت. هەرچەند، دەبێت تێبینی ئەوەش بکرێت کە بەراوردکردنی ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکانی ناو کامپەکان لە نێوان گەڕەکانی ١١٧ بۆ ١٢٥ بە هەریەکێک لە گەڕەکانی پێشووتر، کاریگەری دەبێت بەهۆی ئەو گۆڕانکاریەی لە پێداچوونەی شێوازی حسابکردن لە ڕێباز و میتۆدی ڕاپۆرتەکەوە دەکرێت.

**ڕێباز و میتۆدی ڕاپۆرتەکە ئەم پێناسانە بەکاردێنێت:**

وەڵامدانەوەی هەموو ئەو کەسانە بە ئاوارەی ناوخۆیی هەژمار دەکات کە ناچار بە جێهێشتن کراون لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤ بەدواوە و تا ساتی ئەم هەڵسەنگاندنەش لە چوارچێوەی سنوورەکانی عێراق دا ئاوارەی ناوخۆن.

هەموو ئەو کەسانەی کە لە وەتەی کانوونی دووەمی ٢٠١٤وە ئاوارەبوون و دەگەڕێنەوە بە گەڕاوە هەژماردەکات کە گەڕاونەتەوە بۆ ئەو شوێنەی کەلێی بوون، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو گەڕاوانە گەڕاونەتەوە هەمان شوێنی نیشتەجێبوون و حەوانەی خۆیان یان جۆرێکی دیکەی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون. پێناسەی گەڕاوەکان نە پەیوەندی بە پێوەرەکانی گەڕانەوە بە سەلامەتی و بە شکۆوە هەیە، نە پەیوەندیشی بە ستراتیژیەتی چارەسەرە هەمیشەییە پێناسەکراوەکانەوە هەیە.

شوێنیش وەها پێناسەکراوە کە هاوتا بێت بە گوندێک یان ناوچەیەکی لادێی یان گەڕەکێک لە ناوچە شارییەکان (بەمانایەکی دیکە، چوارەم دابەشبوونی فەرمی کارگێڕی).

**گۆڕانکارییەکانی زاراوەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون لە لیستی سەرەکی گەڕی ١٢٢ (ئایار-تەمموزی ٢٠٢١):**

لە گەڕی (١٢٢) دا، کە ماوەی نێوان مانگەکانی ئایار و حوزەیران و تەمموزی ٢٠٢١ گرتبووەخۆ، گۆڕانکاری لە زاراوەکانی جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونانەی کە ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان تیایاندا دەژین کرا. ئەم گۆڕانکاریانەش لە هەموو کارەکانی لیستی سەرەکی گەڕی ١٢٢ و ١٢٥ (ئەم گەڕەی ئێستا) دا ڕەنگی داوەتەوە. گۆڕانکارییەکانیش بۆ خۆگونجاندن بووە تاوەکو بەرچاوڕوونیەکی زیاتر هەبێت لەسەر ئەو زاراوانەی کە بۆ جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆرخراپ بەکاردێن، جیاوازبن لە جۆرەکانی شوێنی ئاوارەبوون. بۆ دڵنیابوونەوەش لە ڕێکخستن و گونجان لەگەڵ تێبینی تەکنیکی دەستەی هەماهەنگی و کارگێڕی کامپ لە عێراق دا لەسەر پێناسەی شوێنە نافەرمییەکان لە عێراق دا (ئەیلولی ٢٠٢٠).

**گۆڕانکارییەکانی جۆرەکانی ئەو شوێنە حەوانەوانەی کە ئاوارەکان و گەڕاوەکان تیایاندا دەژین ئەمانە دەگرێتەوە:**

- ”نیشتەجێبوونە نافەرمییەکان“ گۆڕدراوە بۆ ”خێمە، کارەڤان،خانووی سەفەری و کاتی، خانووی بە قوڕ یان بلۆک دروستکراو“
- ”پێکهاتە نانیشتەجێییەکان“ گۆڕدراوە بۆ ”شوێنی حەوانەوەی زۆر خراپی دیکە“
- ”شوێنی حەوانەوەی بەکۆمەڵ“ گۆڕدراوە بۆ ”بینایە گشتییەکان یان شوێنی حەوانەوەی بە کۆمەڵ“

**گۆڕانکارییەکانی جۆری ئەو شوێنە حەوانەوانەی کە تەنیا گەڕاوەکان تیایاندا دەژین ئەمانە دەگرێتەخۆ:**

- ”نیشتەجێبوونی ئاسایی“ گۆڕدراوە بۆ ”نیشتەجێبوون لە زێد“
- ”کرێ“ لابردراوە

**گۆڕانکارییەکانی جۆری ئەو شوێنە حەوانەوانەی کە تەنیا ئاوارەکان تیایاندا دەژین ئەمانە دەگرێتەخۆر:**

- ”کرێ“ گۆڕدراوە بۆ ”شوققە یان خانوو (هی خۆی نییە)“

پوختەیەک لەسەر جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون لەم ڕاپۆرتەدا بەم شێوەیە ئاماژەی پێدراوە. نیشتەجێبوون لە زێد هەمان ئەو شوێنە کە گەڕاوەکان بەر لە ئاوارەبوونیان لێی ژیاون. ئەو شوێنە حەوانەوە و نیشتەجێبوونانەی کە لە دۆخێکی زۆرخراپدان، بۆ گەڕاوەکان بریتییە لە: نیشتەجێبوونی زێد (بۆ نیشتەجێبوون ناشێت)، خێمە، کارەڤان، شوێنی حەوانەوەی سەفەری و کاتی، خانووی بە قوڕ یان بلۆک دروستکراو، بینای تەواونەکراو و جێهێڵدراو، بینایە گشتییەکان، شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی بەکۆمەڵ، بینا ئایینیەکان و بینای قوتابخانەکان. بۆ ئاوارەکانیش، ئەو شوێنە حەوانەوە و نیشتەجێبوونانەی کە لە دۆخێکی زۆرخراپدان هەمان ئەو شوێنە حەوانەوە و نیشتەجێبوونانەی گەڕاوەکان دەگرێتەوە، جگە لە نیشتەجێبوون لە زێد ناگرێتەوە، هەروەها خانوو و شوققەش ناگرێتەوە کە هی خۆیان نین یان بۆ ژیان ناشێن.

## ئەستۆپاکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

زانیارییەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، تەنها مەبەست لێی زانیاری گشتین. ئەو ناو و سنوورانەی کە لە ناو پەڕاوی تۆماری بەدواداچوون ئاوارەکان دایە بە واتای پەسندکردن یان ڕەزامەندبوون لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نایەن. زانیاریەکانی پۆرتاڵی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون دەرئەنجامی ئەو داتایە یە کە لەلایەن تیمە مەیدانییەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچەوە کۆکراوەتە و زانیارییەکانی حکومەت و لایەنەکانی دیکە لە عێراق تەواودەکات. دەبێت ئاڵنگارییەکان لەبەرچاو بگیرێن کاتێک داتاکانی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکانی لە عێراق بەکاردێن، لەوانەش ناجێگیری جموجۆڵی ئاوارەکان هاوکات لەگەڵ ڕەوشە تەنگەتاویە لەناکاوییەکان و سنووردارنوونی دەستگەیشتن بە بەشێکی زۆری وڵات. لە هیچ بارێکدا، ڕێخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) بەرپرس نابێت بۆ هیچ زەرەر و زیانێک، جا ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ یان دەرئەنجامیی بێت، یان پەیوەندی بە بەکارهێنانی ئەم ڕاپۆرتە و بەکارهێنانی ئەو زانیاریانە بێت لێرەوە خراونەتەڕوو. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق هەوڵدادەت  کە ئەوەندەی بکرێت ئەو زانیاریانە بە دروستی بپارێزێت، بەڵام هیچ بانگەشەیەکیش بۆ تەواوەتی و ورد و دروستی و گونجاویەتی ئەو زانیاریانەی نێو ئەم ڕاپۆرتە ناکات- بەدەربڕین بێتت یان بەواگەیاندنبێت.

بۆ زانیاری زیاتر، سەردانی iraqdtm.iom.int بکە یان پەیوەندی بکە بە تیمەکە لەڕێگەی ئیمێڵی iraqdtm@iom

## ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە عێراق

iraq.iom.int
iomiraq@iom.int

کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان۲)،
ناوچەی نێودەوڵەتی،
بەغداد/عێراق

@IOMIraq

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ سوپاسی نووسینگەی کۆچ و پەنابەران و دانیشتوان (PRM) ی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات بۆ پاڵپشتییە بەردەوامەکانی. هەروەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ سوپاسی خۆی ئاڕاستەی ئەندامانی تیمەکانی بەدەممەوە هاتنی خێرا و هەڵسەنگاندنی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق دا دەکات بۆ ئەو کارەی دەیکەن لە کۆکردنەوەی داتا، کە زۆرجار لە هەلومەرجی زۆر دژوار ئەو کارە دەکەن، هەوڵ وکۆششە ماندوونەناسەکانیان بنچینەی ئەم ڕاپۆرتەیە.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) ٢٠٢٢

نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن،  بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.